# حەرامێتی کوشتنی ناهەق

## نوسینی

## زانای پایە بەرز ( صالح بن فوزان الفوزان )

## خوای گەورە بیپارێزێت

**وەرگێڕانی: یحیی ستار شێخانی**

**لە بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئاشتی**
www.ashtyk.com
**ژمارە( ٣ )**

الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله

وبعد:

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ((وَلا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ)) { الإسراء:٣٣}.

واتە: کەسێك نەکوژن کە خوا کوشتنەکەی حەرام کردبێت مەگەر بەهۆی تاوانێکەوە شایستە بێت و کوشتنی ڕەوا بێت

هەروەها پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: ((لا يحل دم امرئ مسلم إلا بإحدى ثلاث: النفس بالنفس، والثيب الزاني، والتارك لدينه المفارق للجماعة)) رواه مسلم.واتە: خوێنی موسڵمان حەرامە تەنها بە سێ شت نەبێت: کەسێك کەسێکی کوشت دەبێت بکوژرێتەوە، وە پیاوێك کە ژنی هێنابێت و ئافرەتێك شوی کردبێت زینا و داوێن پیسی بکەن، وە کەسێك لە ئیسلام پاشگەز دەبێتەوە (مرتد). ئەو نەفسەش کە خوای گەورە حەرامی کردووە بکوژرێت کەسێکی موسڵمانە، هەروەها کافرێکی بێ باوەڕ کە بە عەهد و پەیمان هاتبێتە ناو موسڵمانانەوە نابێت دەست درێژی بۆ بکرێت، یان کەسێك بە زمەتەوە هاتبێت و دڵنیا بێت، پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: ((من قتل معاهدًا لم يرح رائحة الجنة)) رواه البخاري. واتە: کەسێك کافرێك بکوژێت کە بە عەهد و پەیمان هاتبێتە ناو موسڵمانانەوە و پەیمانی لە کەڵدا مۆرکرابوو ئەوە بۆنی بەهەشت ناکات.

وە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ((وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا)) {النساء:٩٣}.

واتە: کوشتنی موسڵمانێ بە ئەنقەس تۆڵەی دۆزەخە بەردەوام و هەرکەسێك بەدەستی ئەنقەست مرۆڤێکی خاوەن باوەڕ بکوژێ سزاو تۆڵەی هەر دۆزەخە و بەهەتاهەتاییش تێیدا ئەمێنێتەوە غەزەب و تووڕەیی خوا لەسەرەو نەفرینیشی لێکردووە و سزایەکی گەورەو قورسیشی بۆئامادە کردووە. پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) کەسێك کە پەیمانی لە گەڵدا مۆرکرا بوو(المعاهد) کردویەتی بە هاوشێوەی ئیماندارێك لە کوشتنی هەڵەدا، وە کەفارەت و هەق سەندنەوە واجیبە لە سەر بکوژەکە ئەویش بریتییە لەوەی کە خوێن بدرێت بە کەسوکارەکەی و بەندەیەکیش ئازاد بکات. هەروەها خوای گەورە کوشتنی منداڵ و ئافرەت و گەورە پیاوانی بێ باوەڕانی حەرام کردووە، بەڵام فەرمانی کردووە کە جەنگ بکرێت بەرامبەر ئەوانەی کە شەڕ دەکەن لە گەڵ موسڵماناندا و بەرگری دەکەن لە بێ باوەڕان، هەروەها فەرمانی کردووە بە کوشتنی ئەو کەسەی کە لە ئیسلام پاشگەز دەبێتەوە (مرتد) و تەوبە ناکات، چونکە یەکێکەلە هەڵوەشاندنەوەی ئیسلام، چونکە ئەو کەسە حەقی ناسیوە و باوەڕیشی پێ هێناوە، پاشان پاشگەز بووەتەوە، ئەو کەسە دەبێت بکوژرێت بۆ پاراستنی عەقیدە و بیروباوەڕ،

که یەکەم شتە لە (الضرورات الخمس) ئەویش بریتیە لە : پاراستنی دین و نەفس و ماڵ و عەقڵ و وەچە (النسل)، خوای گەورە فەرمانی کردووە بە پارێزگاریکردنی، جگە لەمانە نەفس حەرامە بکوژرێت، وە رێزی مرۆڤـ پارێزراوە، وەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ((لَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ)) {التين:٤}. واتە: سوێند بە هەموو ئەمانە، بێشك ئێمە ئادەم و نەوەیمان دروستکرد لەجوانترین رێکی قەدو باڵاو شێوەدا .

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ((وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنْ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً )) {الإسراء:٧٠}.

واتە: ئادەمیزاد ڕێزدارە وبێ سۆ ئێمە ڕێزێکی زۆرمان لە تۆرەمەو نەوەی ئادەم گرت زانیاریی و، ژیریی و، قەدو قامەتی ڕێك و جوانمان پێ بەخشیی، کە ئەوەمان بۆ گیانلەبەرانی تر نەکردووە، و لەوشکانیی و، لەدەریادا هەڵمانگرتن بەو شێوە کە کەشتیی و جۆرەها هۆی ترمان بۆ گواستنەوەیان پێدان، ئەوەتا ئێستایش سەرەڕای ئەوانە، خەریکە تەواوی زەویی و بۆشاییەکانی ئاسمانیش دەپشکێنێ ورزق و ڕۆزی پاکیشمان پێدان نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو (وەکو ئیبن کەسیر) دەڵێ: لەچاو زۆرێك لەدروستکراوەکانی خۆمان بەفریشتەکانیشەوە پتر قەدرو ڕێزمان گرتوون، بۆیە زاناکان دەڵێن: جنسی ئادەمزاد لە جنسی فریشتە بەرێزترن .

لە پەیمان و وەفادا لە گەڵیان بین، وەفامان هەبێت بۆیان تاوەکو وەفایان بۆمان هەیە : ((فَمَا اسْتَقَامُوا لَكُمْ فَاسْتَقِيمُوا لَهُمْ )) {التوبة:٧}. واتە: ئەوانە هەتا بەڕێك و پێکی لەسەر پەیمانەکەیان بن و وەفاداربن {فاستقیموا لهم} دەبێ ئێوەیش پەیمانەکەیان بەڕێك و پێك راگرن و وەفاداربن. پێغەمبەری خوا پەیمانی لەگەڵ قورەیشدا بۆماوەی دەساڵ مۆر کرد ، هەتا ئەوان خەیانەتیان نەکرد ئەم وەفای بە پەیمانەکەی خۆیکرد.

چاکە کار بین لە گەڵ ئەوانەی کە چاکە لە گەڵ موسڵمانان دەکەن، خوای گەورە دەفەرموێت: ((لا يَنْهَاكُمْ اللَّهُ عَنْ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ )) {الممتحنة:٨}. واتە: خوا رێتان ناگری لەو کافرو بێباوەڕانەی جەنگیان نەکردوون لە ئاییندا، و لە ماڵ و زێدی خۆتان دەریان نەکردوون - وەك خوزاعە- کە چاکەیان لەگەڵ بکەن و مامەڵەیان لە گەڵ بکەن بە دادگەریی، بەڵکو خوای گەورە فەرمانی بە موسڵمان کردووە، کە کوڕ لە گەڵ باوکی باشبێت ئەگەر کافرو بێ باوەڕیش بێت، ((وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا وَاتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَيَّ)) {لقمان:١٥}. واتە: لە دنیادا لەگەڵ هەردووکیاندا، بەشێوەیەکی چاك و پەسەند هاوەڵی بکە، هاوڕێ وهاوکارێکی چاك بە بۆیان بەجل وبەرگ وخۆراك وهەڵسوکەوتی چاك دڵخۆشیان بکە..هتد، وە بەردەوام هەرڕێگەی ئەوە بگرە کە بەرەو من رێگەی گرتۆتەبەرو گەڕاوەتەوە بۆلام.

هەروەها خوای گەورە ئافرەتانەی (ئەهلی کتابی) بۆ حەڵاڵ کردوین لە جولەکە و گاوران، ((وَالْمُحْصَنَاتُ مِنْ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكُمْ)) {المائدة:٥}.

واتە: ژنانی ئیمانداروو داوێنپاك و (حوڕ) و ئازادیشتان بۆ حەڵاڵە، هەروەها ئەو ژنە داوێنپاکانەش کە لە پێش ئێوە کتێب و نامەیان پێدراوە (لەو جوولەکە و گاورانە) بڕوایان بەتەورات و ئینجیل هەیە.

وە ئەو کافرو بێ باوەڕانەی کە دروست نییە جەنگیان لە گەڵدا بکەین پێویستە بە باشترین شێوە لە گەڵیاندا کردار بکەین لە کڕین و فرۆشتندا، هەروەها پێویستە لە سەرمان بانگەوازیان بکەین بۆ ئیسلام لە تاریکییەوە بۆ روناکی، وە خێرمان بۆیان بوێت، بە دڵنیایەوە نەفسی مرۆڤـ بەڕێزە و پێویستە بەرگری لێ بکرێت، تەنها لەو حاڵەتانە نەبێت کە خوای گەورە کوشتنیانی حەڵاڵ کردووە لە بەر بەرژەوندی گەورەتر.

هەروەها خوای گەورە حەرامی کردووە لەسەر مرۆڤـ کە خۆی بکوژێت لە بەر هەر شتێك بێت، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ((ولا تَقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا . وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ عُدْوَانًا وَظُلْمًا فَسَوْفَ نُصْلِيهِ نَارًا وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا)) {النساء:٣٠،٢٩}.

واتە: لە ناو یەکتردا جەنگ و ئاژاوە مەکەن و، بەناهەق و ناڕەواش یەکتری مەکوژن،

وە یان خۆتان مەکوژن چونکە بەراستیی خوا دەربارەی هەمووتان دلۆڤان و میهرەبانە کوشتنی خۆو مرۆڤ بەناهەق یاساغ کردووە، هەرکەسێکیش کاری نارەوای وابکات بە نیازی دوژمنایەتی ستەم کردنەوە لە ئایندەدا دەیخەینە ناو ئاگرێکی گەورەوە تا بسوتیٚ و سزا بچێژیٚ ئەوەش بۆ خوا زۆر ئاسانە.

وە لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە، هەرکەسێك خۆی بکوژێت ئەوە خوای گەورە ئاگری دۆزەخی بۆ مسۆگەر دەکات، وە هەرکەسێك خۆی بکوژێت بە ژەهر ئەوە ژەهرەکە لە ناو دەستیدایە و بەردەوام دەیخواتەوە لە ناو دۆزەخدا، وە هەرکەسێك خۆی بکوژێت بە ئاسنێك ئەوە ئاسنەکە بە دەستیۆەیتی خۆی پیٚ دەکوژێت لە ناو دۆزەخدا، وە هەرکەسێك خۆی لە شاخێك فڕێداتە خوارەوە و خۆی بکوژێت ئەوە لە ناو دۆزەخدا بە بەردەوامی خۆی فڕێدەداتە خوارەوە و خۆی دەکوژێت، هەروەها کوشتنی نەفس کە پێی دەوترێت (الانتحار) خۆکوژی، یان خۆکوشتن بە خۆتەقاندنەوە کە پێی دەڵێن (الجهاد) تێکۆشان لە پێناو خوای گەورە، وەا گومان دەبەن کە (شهادة) بە دەست دێنن، ئەو کەسەی ئەو کار ئەنجام دەدات خۆی کوشتووە و موستەحەقی ئاگر و سزایە، وە جیهاد و تێکۆشان بە دوورە لەو کردەوانە، هەروەها دروست نییە کە نەفست بخەیتە مەترسیەوە ئیلا لە بەر بەرژەوەندییەکی گشتی نەبێت،

خوای گەورە دەفەرموێت: ((وَلا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ )) {البقرة: ١٩٥}. واتە: خۆشتان بە دەستی خۆتان بەفەتەرات مەدەن خۆتان بخەنە مەترسیەوە ، بەم شێوەیە کە دارایی نەبەخشن و دەست لە جیهاد هەڵبگرن.

بۆیە نەفسی مرۆڤەکان بەرێزن ئەگەر خۆیان نەخەنە بیٚ باوارِی و تاوانەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ((وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا. فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا. قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا . وَقَدْ خَابَ مَنْ دَسَّاهَا)){الشمس:٧-١٠} واتە : سوێند بە دەروون و ئەو زاتەی کە بە ڕێک و پێکی بەدیهێناوە. جا توانای خراپە و چاکە و خوانەناسی و خواناسی تێدا دابین کردووە. سوێند بەوانە هەموو بەراستی ئەو کەسە سەرفرازە کە نەفسی پاک و پوختە کردووە و ئیمان و ترسی خوای تیادا ڕواندووە. بێگومان نائومێد بوو ئەو کەسەی نەفسی خۆی ناپوخت کرد و ئاڵودەی گوناهو تاوان و خراپەی کرد.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ((لَقَدْ خَلَقْنَا الإنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ . ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ.إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ)) {التين:٤-٦}. واتە: بەڕاستی ئێمە ئینسانمان لە جوانترین شێوە و ڕێکوپێکترین شێوازدا دروست کردووە لە هەموو ڕوویەکەوە. ئەگەر ڕێبازی خواناسی نەگرێت سەرەنجام دەیخەینە نزمترینی شوێنە نزمەکانەوە لە دۆزەخدا جگە لەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە، پاداشتی هەمیشەو نەبڕاوە بۆیان ئامادەیە .. ئەگەر ڕێبازی خواناسی نەگرێت سەرەنجام دەیخەینە نزمترینی شوێنە نزمەکانەوە لە دۆزەخدا.

اللهم آت نفوسنا تقواها، وزكها أنت خير من زكاها، أنت وليها ومولاها، وصلى الله وسلم على نبينا محمد وآله وصحبه.

وآخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين

لە دۆعای خێر بیٚ بەشمان مەکەن